# کسپەی سوتان

رەسوول سەفەریانی . وەیلان

safaryani@yahoo.se

زستانی 2004

ئەڵێن مردن یانی
خرمەی دابڕانی لەش و رەگی ژیان لەیەک
کاتێ داسی مەرگ ئەیدورێ
کە ژیانیش لێت دەبێتە شوشەی شکاو
لێوەی تیژی ماڵئاوایی
ئەناسێنێ بە شلکایی دڵی جووتی خۆشەویستان
چەشنی شوتی و زەبری چەقۆ
کرچەی بڕین و دابڕان
مردنێ وا دەخولقێنێ
کەتەرمەکەی بە تابووتی چ وشەیەک هەڵناگیرێ
جەهەننمی ئەو مردنە
دوایین ساتی سەر لێواری دابڕانە و
لە تەنوری ماچ و بوغز وفرمێسکدا
هەڵم ئەبیت و..
خەیاڵ ئەتباو..
لەشەوێکی چاوو خنکێنا
کە هەناسەی گەرمی ژیان
لە سپیایی کفنی بەفرا قەتیس دەبێ
یەکەم گوڵە بەفری ئەتۆ
وەک پەپولە لەلێواری پەنجەرەکەی ژووری خەویان
بەئەسپایی هەڵئەنیشی و
وەکو زەردەی لێوی ساوای خەولێکەوتو
کەم تەمەنی و
بەبرووسکەی دیدارێکیان
وەک کۆتری تیر لێدراو
یەک دوو فرتە و
سێ چوار پەلی با هەڵگرتوت
لەچوار چێوەی بیرەوەری پەنجەرەکە تۆمار دەبێ
لەدەسرێژی رێژنە بارانی بەهاراندا
دڵۆپێکی فرمێسک ئاسای

وەک باڵندەی ترس هەڵگرتوو
خۆ دەکووتی بەسەر چاوەی شووشەیاناو
وەک رێبواری وزە سووتاوبەهەناسەی سووری هاوین
کە دەگاتە ژێرسێبەری تاقەداری گوێ شلکردو
بۆ گۆرانی کانیاوێکی بچکۆلانە
ئارام وەکو خزانی خەو بەجەستەدا
ئەخشی بەسەر کوڵمی ساردی پەنجەرەدا و
بەپرشنگی تاوی چاوی بەرەو رۆچنەی چاوەڕوانی داکوتراویان
وەکو ئاوی تکاوی سەر سۆپای بەتاو
تەنیا کسپەی سووتانێک و
هێڵی شوێنە گریانێکت
لەسەر گۆنای شوشەییان جێ دەمێنێ
لەگەڵ سروەی بەیانێکدا
ئەچیە سنگی گڕکەیەکی دێمەکار و
شان بەشانی کۆڕە میوەی رەشبەڵەکی نێو سەلەیان
بە بێدەنگی خۆ دەکەیتۆ بەدرگادا و
پڕ بە پێستی گشتماڵەکە دەگەریت و
بەقەد تاسەی دیداریشیان
ئەچیە ناخی سنگیانەوە.
بەهارێک و پاییزێک و
ساڵێتر و
چەن ساڵیتر ...
بەقەیرایی سەدەیەکە ئەم مردنەم لەگەڵدایە و
گەرد و لوولی گەردەلوولم لەسەردایە و
هەمو رۆژێ سەدان کەڕەت
لە سەدان جێی لەشی لەتلەت کراۆمدا
ئەو کرچەیە دەچێژم و
ئازارێکی تیژتر لە خوێ
زامەکانم دێنێتۆ سوێ